http://www.sr.se/rs/red/ind_kur.html
Be rêzewe - Nasser Sina
+46-8-7845934 & 5
+46-73-9909704

---

## مزگێنی: زایەڵە بەمزووانە هەموو ڕۆژێ بەرنامە بڵاو دەکاتەوە!

ڕادیۆی نێونەتەوەیی سوید (SR International) بڕیاری دا کە ماوەی پەخشی کوردیی خۆی (زایەڵە) لە سەعاتێکەوە لە هەفتەدا، بۆ دوو سەعات و دە دەقیقە لە هەفتەدا زیاد بکا.
زایەڵە لە ساڵی داهاتووە هەموو ڕۆژانی ئاسایی هەفتە، واتا لە دووشەممەوە تا هەینی، بۆ ماوەی بیست دەقیقە بەرنامە بڵاو دەکاتەوە و ڕۆژی یەکشەممەش نیو سەعات.
ناوئاخنی بەرنامەکانی زایەڵە زۆرتر قووڵبوونەوە لە گرنگترین ڕووداوەکانی سوید و ژیانی کوردەکانی نیشتەجێی سوید دەبن، هەروەها ئەو دەنگوباسانەی کوردستانیش کە کارتێکەریی گەورە و ڕاستەوخۆیان لە سەر کوردەکانی سوید هەبێ دەخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

## خشتەی وەشانی زایەڵە لە ٢٠٠٦/١/١٦ ەوە بەم شێوەی خوارەوەیە:

- دووشەممە تا هەینی ـــ سەعات پێنج و بیست دەقیقەی ئێوارە (بۆ ماوەی بیست دەقیقە)
- شەممە ـــ سەعات یەک و نیو تا دووی دوانیوەڕۆ (بۆ ماوەی نیو سەعات)
- یەکشەممە ـــ زایەڵە لە سوید بڵاو نابێتەوە